# زمانی کوردی و ئاستەکانی ڕاگەیاندن
# خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی سایتی کوردی

## چاوپێکەوتن لەگەڵ: هۆشەنگ محەمەد ئەمیندا

## سازدانی: نەبەز ئەکرەم

**نەبەز**: سەرەتا دەپرسین ئایا زمانی کوردی توانیویەتی بەهەمان ئەندازەی زۆربوونی پارچەکانی تەکنەلۆژیا، لە پێش هەموویانەوە تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن، پێشبکەوێت و جیاوازییەک بهێنێتە کایەوە؟

**هۆشەنگ**: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای بەکاربەر «consumer society» نەبوونی هاوڕێکییە لەنێوان گەشەکردنی ئەقڵ و ئەو شتانەی بەکار دەهێنرێن. لێرەدا مرۆڤ لەگەڵ تازەترین دەسکەوتەکانی تەکنەلۆژیادا مامەڵە دەکات، بەڵام چونکە ئەو کەلوپەلانە بەرهەمی داهێنانی خۆی نین و لە ئەنجامی پرۆسەی هاوردن «importation»ەوە پێی گەیشتوون، کە دەستەڵاتێکی بیرۆکراتیانەی حیزبی ڕایدەپەڕێنێت، ئەوا هیچ گۆڕانکارییەک ناهێننە ئاڕاوە. «مارکس» پێشبینیی ئەوەی دەکرد وڵاتانی نیوکۆلۆنیی ڕۆژئاوا دەتوانن لە ڕێگای گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و کەلتووری ڕۆژئاواوە گۆڕانێکی گەورە بەسەر ئەقڵی مرۆڤی وڵاتانی کۆڵۆنییدا بهێنن لە ڕۆژهەڵاتدا، بۆیە دەیوت «ئینگلتەرا لە هیندستاندا پەیامێکی دوولایەنە جێبەجێ دەکات: یەکەمیان وێرانکردن و دووەمیان بووژاندنەوە و تازەگەری. لەناوبردنی کۆمەڵگای ئاسیایی، دامەزراندنی بناغە ماتریالییەکانی ڕۆژئاوایی لە ئاسیادا». «ئێدوارد سەعید» لە کتێبی «ئۆرینتالیزم»دا ئەو بۆچوونەی «مارکس» وەکو مەسەلەیەکی ئۆرینتالیستی دەخوێنێتەوە، بەوەی «مارکس» لێرەدا وەکو هەر ئۆرینتالیستێکی دیکە ئەو کۆمەڵگایە دەخاتە ناو

چوارچێــوەیەکی زیـهنیــیــەوە و بەشــداریی لە هێنانەوەی پاســاو بۆ داگیـرکردن دەکـات. سـەردەمـی دوای «مـارکس» بەتایبـەتی لە زەمـەنی گلۆبالیزمـدا پێچەوانەی ئـەوەی دەرخستووە، گوایە ڕۆژئاوا دەتوانێت لە ڕێگای گـواسـتنەوەی تەکنەلـۆژیا و کـەلتـووری خـۆیەوە گـۆڕانکاری لە کەلتووری ڕۆژهـەڵاتدا بکات. کۆلۆنیـالیـزم لە وڵاتانە ژێردەسـتـەکانیـدا هەندێ خواروخێـچیی هێناوەتە گۆڕێ، کە «گـراهـام ئـی. فۆللەر» و «ئیان ئۆ. لێـسـەر» لە چـەند خـاڵێکدا کورتیـان دەکـەنـەوە وەکو دروسـتکردنی شـار بەبـێ پیـشـەسـازی، سـیـسـتـەمـێکی فـێـرکـردنی زارەکی بەبێ پراکـتیـزەکـردنی بەرهـەمـهێنان، عەلـمەنەی بێ مـەعریفـەی زانسـتی و ئارەزووی سـەرمـایەداری بەبـێ سـیـسـتـەمـێکی سـەرمـایەداری. ئەمـە سـەرەڕای دەیان شــێــواندنی دیکە، کــە پەیوەندییــان بە بـواری کەلتوورییـەوە هـەیە، بەوەی ئەو کەلتوورانەیان داڕمـاندووە. سـەرجـەمی ئەو وڵاتـە داگـیـرکـراوانەی، کـە لـە ئەنجـامـی کـودەتا و شـۆڕشـەوە ڕزگارییان بۆ خاک بەدەست هێناوە، لە شوێنیدا سیستەمێکی کۆنتر و سەرکوتگەرتریان لەوانەی پێش سەردەمی داگیرکردندا دامەزراندۆتەوە. ئەو تـەکنەلۆژیایە، کـە زیاتر هـی سـەربازییـە و ئێـسـتـا بەدەست ئەو دەسـتـەڵاتە نیـشـتیـمـانییـەوەیە، هەوڵێکی گەورەی داوە لە دامـەزراندنی سیستـەمی کۆنترۆڵ و چاودێریدا. لێرەدا ئەوەی تازە دەکرێتـەوە، ئەقڵ نیـیـە، زمـان نیـیـە، بەڵکو پێـداویسـتـیـیـەکـانن. ئـەمـڕۆ لە کـۆمــەڵگا باوکــســالارییــەکــاندا بـەردەوام هەمــوو کــەلـوپەلێک لە مــۆبـایل و کـۆمـپـیـوتەرەوە تـا زرپـۆش و فـڕۆکـە تازە دەکـرێنەوە، دیارە لەناو سـیـسـتـەمی هـاوردندا. واتـە بەکـاربردنی ئەو داهێنـانەی، کـە لە ڕووبـەرێـکی دەرەوەی خـــۆیـدا بـەرهـەم هـاتـوون. بـەڵام دەزگـــا کـۆمـەڵایەتیـیـەکان، لە پێش هەمـوویانەوە خـێـزان لە جـێگیـربوونێکی

ئەبەدیدا گیریان خواردووە. مرۆڤی ئێمە لە ئامادەییەکی تەواو دایە بۆ لەبەرکردنی ئەو ناوانەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەردەکەون. پێشان زانکۆی دەخوێند و دە وشەی ئینگلیزیی نەدەزانی، بەڵام ئێستا منداڵەکەی نەچۆتە قوتابخانە و ناوی یەک بە یەکی وشەی سەر دوگمەکانی ڕیمۆت کۆنترۆڵی تەلەڤیزیۆن و ڤیدیدییەکەی لەبەرە و بەرێکی دەیانلێتەوە. لێرەدا ئەو زمانە دەبێتە سەنتەر و زمانی دایک دەکاتە پەراوێز. کەواتە بەرهەمهێنەر«producer» لە ڕێگای بەرهەمەکانیەوە سیستەمی زمانێکیش دادەمەزرێنێت. لە ڕێگای ئەو زمانەیشەوە دەستەڵاتی خۆی بەسەر بەکاربەر «consumer»دا دەسەپێنێت. «ئێدوارد سەعید» لە کتێبی «کەلتوور و ئیمپریالیزم»دا پێی وایە هەرچەند ئەو وڵاتە ژێردەستانە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە، بەڵام زۆر لە تێڕوانینی داگیرکەرانە تا ئێستایش بەردەوامن. هەر لێرەیشەوە پەیوەندییەک لەنێوان زمانی ئینگلیزی و ئۆپەراشیۆنەکانی کۆلۆنیالیزمدا دەستنیشان دەکات، بەوەی ئەوان بوون زمان و ئەدەبی ئینگلیزییان لەگەڵ خۆیاندا هێنایە ناو ئەو وڵاتانەی دەستیان بەسەردا گرتن. زۆربوونی پارچەکانی تەکنەلۆژیا لەناو ئەو ڕووبەرەدا بەقەدەر خۆی زانیاریی هێناوەتە ئاراوە، بەبێ ئەوەی ئەو زانیاریانە بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ ڕۆشەنبیری بگۆڕێن. بەبێ ئەوەی بتوانن ببنە مەنزوومەیەکی زمان و ئیشکالیەتەکانی مەعریفە پێکبهێنن. بەبێ ئەوەی لای بەکاربەر هیچ گومان و پرسیارێکی لەسەر خۆی و لەسەر ئەو شتانەدا هێنابێتە گۆڕێ. تیرۆریزمی ئیسلامی ئەمڕۆ خاوەنی دنیایەکی تەکنەلۆژیای گەڕۆکە و بەربەرەکانیی ئەمەریکا و سەرجەم ڕۆژئاوا دەکات، بەبێ ئەوەی لەو دنیایەیدا هیچ ئەقڵێکی نوێی بەرهەم هێنابێت. زۆربوونی سیماکانی تەکەنەلۆژیا لەناو ئەو کۆمەڵگا تەقلیدیانەدا

جـۆرێک سـەرلێشـوانی لەگەڵ خـۆیدا هێناوەتە ئاراوە. توانیـویەتی بەشێوەیەکی زۆر دیماگۆژییانە خوێندنەوەکان ئاراستە بکات. ئەمەیش وای کـردووە لێکۆڵینـەوەکـان بە مـیـتـۆدەکـانی ڕۆژئاوا ئیش لەسـەر لێکدانەوەی ئەو کۆمەڵگایانەدا بکەن، بەوەی خـەریکە لە ڕووخساردا لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا نزیک دەبنەوە. بەڵام ئایا ئەقڵی مرۆڤ لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا بەهەمان ئاراستەی ئەو کەلوپەلانەی بەکاریاندەهێنێت، کە زمانیش یەکێکە لەو کەلوپەلانە، دەچێتە پێشەوە؟

**نەبەز**: بەڵێ، بەشێک لە پرسیارەکەی ئێمەش هەر ئەوە بوو. لێرەدا بۆ قـووڵکردنەوەی ئەو پرسـیـارە دەچینە ناو نووسـینی کـوردییـەوە، کـە لووتکەی ئەو ئەقڵە پێکدەهێنێت. کاتێکیش سایتەکان دەکەینە باسی سەرەکیمان، ئەوا مەبەستی زۆر تایبەتییمان هەیە، بەوەی سایت لەسەر ئێنتەرنێت پەخش دەکرێت. ئەمەیش گۆڕانێکی گەورەیە لە شێوازی نووسینی ستانداردی کوردیدا، کە تا ئێستا هەر لەسەر کاغەز و بە چاپی گۆتەنبـۆرگ بووە. ئایا سـایت توانیـویەتی جـۆرێک خـوێنەری جیاواز پیشان بدات، کە بە دیدگایەکی دیکەوە بخوێنێتەوە و عەقڵی رەخنەیی لا خوڵقا بێت؟

**هۆشەنگ**: «ریجس دۆبریە» لە کـتـێـبی «مـیـدیالۆژیا»دا پێی وایە ئەم سـەردەمـە ئەلیکتـرۆنیـیـە ڕۆڵی یەکـەمی بینیـوە لە تێکشکانی سۆسیالیزمدا، بەوەی نەیتوانیوە وەکو ڕۆژئاوای سەرمایەداری، وێنە، نەک بیر بەرهەم بهێنێت. «دۆبریە» ئەو ڕاستـیـیـە نیـشـان دەدات، کـە سـۆسـیـالیـزم بەرهەمی چاپە و لە سـەردەمی وێنەدا تێکشکاوە. نەیتـوانیـوە بەربەرەکـانێی هۆلیـوود و کلیـپەکـانی تەلەڤـیـزیۆن بکات و

مۆسیقای وەکو ڕۆک و پۆپی بۆ بەرهەم نەهاتووە. کەواتە ئەمڕۆ بوونی سایتەکان لە گەیاندنی فیکری ئێمەدا ڕێگایەکی چاکن بۆ ئەوەی ئێمەیش تێیاندا بەشداری لەو شەڕە ئەلیکترۆنییەدا بکەین، بەڵام مەرج نییە کاتێ ڕێگامان هەبێت، هاوکات بینینیشمان هەبێت. ئەوانەی شوێنی مەبەست نادۆزنەوە، لەبەرئەوە نییە ڕێگا نییە بیگرنە بەر، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە دەیان ڕێگا هەن و ئەوان بینین و شارەزاییان نییە. هەشت ساڵ لەمەوبەر «بەختیار عەلی» لە نامەیەکیدا بۆی نووسیوم: «بینین هونەرێکی گەورەیە». من پێم وایە لە سەردەمی سایتدا ئەقڵی باوکسالاری بە هەمان ئاراستە مامەڵە لەگەڵ نوێترین داهێناندا دەکات. ئێمە ئەگەر لێرەدا بە زمانێکی ڕەخنەیی دەدوێین و لایەنە نەگەتیڤەکانی سایت لەسەر کەلتوور دەردەخەین، ئەوەمان بیر نەچۆتەوە، کە ئەو سایتانە ڕۆڵی چاکیشیان بینیوە، بەتایبەتی لە تێکشکانی ئەو سانسۆرەی ئەمڕۆ دەستەڵات لێرە و لەوێ خستوویەتیە سەر چاپ و بڵاوکردنەوە، کە ئەمەیان هێندە بەرچاوە، هەموو کەسێ دەیزانێت و دەیان جاریش وتراوەتەوە. هەروەها دەزانین سایتەکانیش هەموویان لە یەک ئاستدا نین و هەیانە هەوڵی گەورەی داوە بۆ کۆکردنەوەی دەنگە جیاواز و جدییەکان، بەڵام ئەمەیش کاری ڕەخنەیە، کە ناچارە بە پرسیاری دیسپۆتیکی «تعسفی» ڕووبەڕووی دیاردەکان ببێتەوە، بەوەی ڕەخنە میتۆدی ڕۆشەنبیرە و پرسیارەکان لەناو فەلسەفە و فیکرەوە دەهێنێت، بەپێچەوانەی ئایدۆلۆژیاوە، کە بەردەوام دەیەوێت شتەکان ڕۆشەن و ئاسان پیشان بدات. ئەگەر پێویست بێت لەوە ڕوونتر بدوێین، ئەوا دەڵێین مەبەستمانە ڕەخنە لەو ئەقڵییەتە بگرین، کە سایتەکان بەڕێوە دەبات، واتە ڕووی شاراوەی ئەو نووسینانە دەردەخەین، کە بەهەمان ئەقڵییەتی فالۆکراتیانە و زمانی

بێگیانی سەردەمی چاپ کار دەکەن.

**نەبەز**: کەواتە کێشەکە پەیوەندیی یەکەمی بەوەوە هەیە، کە لە سەردەمی ئەلیکترۆنیدا نووسەری ئێمە هەمان ئەقڵیەتی چاپی بەرهەم هێناوەتەوە. ئایا پێت وایە سایت وەکو فۆرمێکی تازە هەندێ کاری دیماگۆژیانەی ئەنجام دابێت وەکو ئەوەی بەخێرایی و بەردەوام هەندێ نووسەر بخاتە بەرچاو و ریکلامیان بۆ بکات، بەرادەیەک لەوە گەورەتر پیشانیان بدات، کە هەن؟ لە لایەکی دیکە بۆچی ئەو نووسەرانە ئەمڕۆ ئەو شێوە خۆدەرخستنەیەیان لەسایتدا کردۆتە پەنایەک چ بۆ خۆدزینەوە لە پرسیارە جیدی و گرینگەکان و چ بۆ پاراستنی هەیبەتیان؟

**هۆشەنگ**: دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و کزبوونی ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، نووسەرانی چەپی دۆگماتیست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی تووشی جۆرێک لە بێهیوایی و سەرلێشێوان هاتوون. ئەوان کە تەنها دەیانزانی کەلوپەلەکانی ناو ئایدۆلۆژیا لەودیو بهێنن و بەدزی یان بەئاشکرا ساغیان بکەنەوە، ئەمڕۆ ئەو کەلوپەلانە بازاڕیان نەماوە. ئەو نووسەرانە، کە لە هەموو شتێک زیاتر پێویستییان بەوەیە جەماوەری زۆریان هەبێت، کە ئەمە هەمان ئارەزووی حیزبە، بۆیە ئەمڕۆ ترسیان هەیە گۆشەگیر بن. ئەوان کە پەیوەستبوونیان بە ئایدۆلۆژیاوە نەیهێشتووە لە هەموو ژیانیاندا لە بواری جیاواز جیاوازدا بخوێننەوە، ئێستا هەست بە کەنەفتیی خۆیان دەکەن. لەناو کەلتوورەکانی ئێمەدا مەسەلەکە زۆر لەوەش کۆمیدیترە. نووسەری ئێمە هەموو سەرچاوەی

خـوێندنەوەکـانی نووسـەرانی دیکەی دەوروبەرکـەی بوون، کە ئـەوانیش ئەمڕۆ لە شـەڕی ئایدۆلۆژیدا تێکشکاون، بۆیە هـەرەسی ئەو قورسترە.

**نەبەز**: دوای هـەمـوو ڕووداوە گـەورەکان نووسـەران بە مـیـتـۆدەکانـیـاندا دەچنەوە. هـەندێکیان گۆڕانکاری لە بیروباوەڕیان دەکەن و هـەندێکیـان واز لە نووسـین دێنن. بۆچی ئەو هـەمـوو گـۆڕانکاریانـەی لای ئێـمـە ڕوو دەدەن، لەگەڵ خـۆیاندا هیچ گۆڕانکارییـەک لە میتـۆدی نووسەرانی ئێمە ناهێننە کایەوە؟

**هۆشەنگ**: ئەگەر نووسـەرانی وەکو «بورهـان غـەلیۆن» و «سـەمیر ئەمین» لە دنیـای عـەرەبیدا توانیـان دوای گۆڕانکـارییـەکان، بە چەمک و شـێـوازی کـارکردنیـاندا بـچنەوە، ئەوا ئەو نووسـەرەی ئێـمـە بەو ڕۆشـەنبیـرییـە حیزبییـەی هـەیەتی، هـەرگیـز شتێکی ئاوای لەباردا نییە، بۆیە ناتوانێت جـیـاوازی لەنێـوان چەمکی قـەبوڵکرن و خـۆبەدەسـتـەوەداندا بکات. لەجیـاتی بەو فیکرانەدا بچێتەوە، کە جـاران بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەک ڕەتـی دەکـردنـەوە، بۆئـەوەی بچـێـتـە ناویانـەوە و بەچـاوێکی دیکە بیـانخوێنێتەوە، ئەو لێـمان هـەڵدەگەڕێتـەوە و دەبێتە بەشێکی بچـووک و پاسیڤ لە دەسـتـەڵات، چونکە ئەو نووسـەرە لە ڕێگای ئایدۆلۆژیاوە فێر کراوە تـەنها بتوانێت دوو بەرە ببینێت و ملمـلانێیـەکان ئاسـان بکاتەوە. ئەو نووسـەرە نەک نەیتـوانیوە بە خۆیدا بچێتـەوە، بەڵکو زۆر دیماگۆژیانە خـوێنـەر فـریـو دەدات. جـاران شـیـوعی بوو، هـەر شـتـێکی بە بۆگـەن دەزانی، کـە بۆنـی کـرێکار و کـۆمـۆنیـزمی لێ نـەهاتەیە، بەڵام ئەمـڕۆ دەزانێت خـوێنەری ئەو باسـانە نەمـاون، بۆیە لێـمـان بۆتـە شـێـخی ناسیـۆنـالیزم. لێرەدا ئەو ملمـلانێیـەی دەسـتـەڵات لەنێـوان دوو حیزبە

باوکەکەی خوارووی کوردستاندا زەمینەیەکی باشی بۆ ئەو نووسەرە خوڵقاندووە، کە بتوانێت پشتی بەلایەکدا بدات و دژی لاکەی دی بوەستێت، هەتاوەکو بەردەوام بێت لەسەر ئەو شێوە نووسینە تەقلیدییەی، کە ساڵەهایە درێژەی هەیە و نەیتوانیوە هیچ گۆڕانێک بەسەر فیکری ئێمەدا بهێنێت. ئەمڕۆ تیرۆریزمی ئیسلامی، کە دەکرێت ناوی بنێین تیرۆریزمی گەڕۆک بۆتە بەرەیەک وەکو بەرەی جارانی سۆسیالیزم. ئەمە دابەشەکردنەوەیەکی نوێی لەناو نووسەراندا هێناوەتە پێشێ. بەشێکیان بەتایبەتی لە دنیای عەرەبیدا بەرگری لەو بەرەیە دەکەن و بەشەکەی دیکەیان بوونەتە ئامێرێک بەدەست دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانەوە، کە دەکرێت ناو لەو بەرەیە بنێین تیرۆریزمی یاسایی، یاخود تیرۆزمی جێگیر. ئەوانەی کە سەر بەم دوو بەرەیە نین ژمارەیان ئێجگار کەمە. نووسەری ئایدۆلۆژیا لای ئێمە ئەمڕۆ هەست دەکات دەستەڵاتی کوردی لەچاو بەرەی تیرۆریزمی گەڕۆکدا، جۆرێک دڵنیایی پێ دەبەخشێت، بۆیە چ بەنهێنی و چ بەئاشکرا پشتی پێ داوە. مەبەستیەتی ئەو ڕابردووەیشی بپارێزێت، با تەواویش لەگەڵ ئەوەی ئێستای جیاواز بێت. بۆئەوەی جەماوەرە کۆنەکەیشی لە دەست نەچێت و بەردەوام گوێی لە شەقەی چەپڵە بێت، هەندێ وردە ڕەخنە، کە زیاتر ڕەواج بە دەستەڵات دەدەن، دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە ڕەخنە لەو چایچی و چێشتلێنەرانە دەگرێت، کە لە پرسەی خزمی سەرکردەیەکدا بەچاکی کاریان نەکردووە. ئینجا سبەینێ کاتێ هەواڵی سزادانی ئەو کرێکارانە بڵاو دەبێتەوە، پێمان دەڵێت لەبەرامبەر دەستەڵاتدا بوێرە و گوێی لێ دەگیرێت. ئەو نووسەرە لە کوردستانی باشووردا کە بە هەزار حاڵ توانیویەتی سەروگوێلاگی زمانی عەرەبی بشکێنێت، بۆیە بەچاکییش لە سەرچاوەکانی دەستی دوو و سێ تێنەگەیشتووە. بەدرێژایی ژیانی

پەیوەندیی بە فیکرەوە نەبووە، بەڵکو توانیویەتی لیستێک لە ناوی نووسەر و فەیلەسووفانی دنیا پێکبهێنێت، بۆئەوەی بزانێت کێ سەر بە بەرەکەی خۆیەتی و کێ دژیەتی. هەر کاتێک ناوێکی دژی بیستبێت، خێرا بەچەند دێڕێکی ساکاری ئایدۆلۆژی بەنەفرەتی کردووە. ئەو نووسەرە کەرەستەکانی خۆی لە دەرەوەی فیکرەوە هێناوە، کە بریتیین لە بەروانکە و قاپ و کەوچک. بەردەوام خوێنەری وەک منداڵێکی ساڵەوەخت بینیوە. سووپێکی سادەی ئایدۆلۆژیای بۆ لێناوە. لێرەدا کە پێمان دەڵێت بەتەواوی توانای کۆئەندامی هەرسی ئەو منداڵەی لەبەرچاو گرتووە و نەیهێشتووە ئەو سووپە ئازار بە گیانی ناسکی بگەیەنێت، ئەوا ڕاستییەکەمان لێ دەشارێتەوە، کە ئەوەیە لەوە زیاتری لە دەست نەهاتووە. ئینجا ئەو سووپەی بە فوو بۆ ساردکردۆتەوە و بەدەمیەوە کردووە. ئەمە خۆراکی خوێنەری ئێمە بووە، بۆیە ئەمڕۆ هیچ سەرچاوەیەکی گرنگی نووسینمان لە بەردەستدا نییە. لێرەیشەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو شتەکاندا وەکو یەک دەکەین. «ئەنیشتاین» لە «تیۆری ڕێژێژەیی»دا پێی وایە چێژوەرگرتن لە خواردەمەنی وەکو هەموو شتێکی دیکەی ئەم سرووشتە ڕێژەییە، بۆیە ئەو منداڵە ساوایەی تەنها شیری دایکی دەخوات و زیاترین چێژی لێ دەبینێت، کاتێ گەورە دەبێت بۆی ناخورێت. ئەو سووپەیش لەگەڵ گەورەبوونی ئەو منداڵە، ئەمڕۆ تامووچێژی نەماوە و ناتوانێت دەمی بۆ بەرێت. چێشتلێنەرەکەیشی لەمە زیاتر نازانێت. ئەمڕۆ هەر ئەو منداڵە خۆی پێگەیشتووە و بۆتە ئامادەکەری سووپ. خاوەنی بەروانکە و قاپ و کەوچکی خۆیەتی. ئەمەیش ئەو نووسەرەی خستۆتە حاڵەتێکی سایکۆلۆژیی دژوارەوە و زیاتر لە جاران دنیاکەی لێ بچووک کردۆتەوە. سایتەکانیش، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا گەرموگوڕییەکی زۆریان

هێناوەتە ناو دنیای بڵاوکردنەوەی ئەو نووسینانە، نەیانتوانیوە لە ڕووی چۆنیەتییەوە جیاوازییەکمان پیشان بدەن.

**نەبەز**: کەواتە ئەگەر سایت نوێترین شێوازی گەیاندن بێت، ئەوا لای ئێمە زیاتر ڕۆڵێکی یەکلایەنی بینیوە. نەیتوانیوە گۆڕانێک بەسەر شێوازی نووسین و زماندا بهێنێت، بەڵکو لە لایەک زیاتر هەوڵی پاراستنی ئەو شووناسەی داوە، کە پێشتر چاپ هەوڵی بۆ دەدا و لە لایەکی دیکەیش نەیتوانیوە دیالۆگی نێوان دەنگەکان بێنێتە کایەوە.

**هۆشەنگ**: بە سەرنجدانێکی خێرا لەو سایتانەدا، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەوان بەگشتی ڕێگایەکن بۆ گواستنەوەی ڕق و کینەی تایبەتی لە ڕووبەرێکی کۆمەلایەتیی وەکو گەڕەک و بازاڕەوە بۆ ئاستی وێنە. لێرەدا جیاوازیی نێوان گۆڤار و سایت، یاخود چاپ و ئەلیکترۆن، لەڕووی گەیاندنی جوێن و سووکایەتیکردن بە کەسانی جیاواز ئەوەیە، کە یەکەمیان بەلایەنی کەم مانگێکی پێدەچێت تا پەیامی جنێوچی دەگەیەنێت، بەڵام جنێوە ئەلیکترۆنییەکانی سایت چەند چرکەیەکیان بەسە. واتە سایت دەتوانێت لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کۆلانێکی تەقلیدی و دانیشتوانەکانیمان بۆ بێنێتە بەردەم و بمانکاتە بینەری شەڕەجنێو. ئەمەیش لەلایەک ئاسانکاری بۆ جنێوچی دێنێتە کایەوە و لە لایەکی تریش بەرهەمی زیاد دەکات. سەرەڕای ئەوەیش دەبێتە هۆی ئاکتیڤبوونی میمۆری «ذاکرە»ی جنێوچی و دەیخاتە ناو پرۆسەیەکی بەردەوامی ئیشکردنەوە. نووسەری تەقلیدی بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابووە بەرگی جەنگاوەر بپۆشێت و وزەیەکی زۆری خستۆتە کار لەوەی پێمان بڵێ ئەو لەناو نووسیندا هەمان ئەرکی پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر

یان سەربازێکی نیشتیمانپەروەری لە ئەستۆیە، بۆیە نەبەزین و خۆڕاگری لە بەرامبەر نووسەری دوژمندا سیفاتی ئەو ئەدیبە بووە. مەبەستم لە نووسەری دوژمن هەر ئەو تاکەیە، کە لەناو هەمان کەلتووردایە، نە لە زمان و لە ناشیۆنیش جیاواز نییە. لەلایەک تا توانیویەتی بەتوندوتیژی بەرپەرچی بۆچوونەکانی داوەتەوە، لە لایەکی تر گفتوگۆ و هیچ مساوەیەکی دیکەی بەڕاست نەزانیوە، کە ئەمەیش هەمان ڕۆحیەتی سەربازی نیشتیمانپەروەر یان پێشمەرگەی دلێرە. زۆر جار ڕێککەوتووە نووسەرێک تا دوا هەناسەی دەستی لە شەڕ هەڵنەگرتووە. مەبەستمان ئەوەیە ئەو کاتەی مردووە، یان ڕووداوێک لە زمان و پەلوپۆی خستووە، زۆر پلانی شەڕ و بەرپەرچدانەوەی لە مێشکدا هەبووە. لە سەردەمی چاپدا جنێوچی نەیدەوت من فلان نووسەرم بەزاند، یان فلان نووسەر لەوەتەی من ڕەخنەم لێ گرتووە، نەیتوانیوە نقە بکات، بەڵام لە سەردەمی ئەلیکترۆنیدا ڕۆژانە ئەو دەستەواژانەمان بەرچاو دەکەوێت. ئەدەبی بەرگریی فەڵەستینی و ئەدەبی قادسیە و ئەدەبی شاخی خۆمان، بەجیاوازیی لە ئامانجی سیاسییان، چاکترین نموونەن، کە نووسەری ڕاستەقینە ئەوەیە شان بەشانی جەنگاوەر لەبەرامبەر دوژمندا بجەنگێت. «برایەتیی چەک و قەڵەم» درووشمی ئەو ئەدەبە بووە. ئەو شێوازی نووسینە بە میتۆدەکانی هونەر و ئیستاتیکا نەخوێندراوەتەوە، بەڵکو لەناو واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بۆ کاریگەرییەکەیان گەڕاون. ڕادەی سەرکەوتوویی ئەو ئەدەبە لەوەدا بینراوە، کە چەند حەماسی جەماوەری بەرز کردۆتەوە و چەند پیرۆزیی بە چەک بەخشیوە. ئەمڕۆ سایتی کوردی لەجیاتی ئەوەی ئەو هاوکێشەیە تێکبشکێنێت و گومان لە تواناکانی بکات، ئەوا بەپێچەوانەوە وزەی زیاتری پێ بەخشیوە. سایت

بەگشتی بۆتە شوێنی ریکلامە بۆ جنێوچی و هەوڵی یەکەمی ئەوەیە زیاترین خوێنەری ساکار و ساویلکەی بۆ کۆبکاتەوە، بەو مەبەستەی لای دەستەڵاتی بێئاگای کوردی وەکو نووسەرێکی گەورە حیسابی بۆ بکرێت. سایت نووسینی لە گوللە نزیک کردۆتەوە، بەوەی کە دەتوانێت هەر لە دەمی نووسەرەوە دەرچوو، ئەوا بەهەمان خێرایی گوللە بیگەیەنێت. ئێستا ئێمە لەناو نووسیندا لە گەرمەی شەڕێکی ناوخۆیی داین، کە بەهیچ شێوەیەک گاریگەرییەکەی کەمتر نییە لە شەڕی ناوخۆیی سەر شەقامەکان، چونکە نەبوونی دیالۆگ و بوونی ئەقڵیەتی تایفەگەری و ئارەزووی باوکسالاری هەردوو شەڕەکە بەڕێوە دەبەن. دادگاییکردنی کەسانی تر لە ڕێگای سایتەوە، یەکێکە لەو ئەرکانەی جنێوچی خستوویەتیە سەر شانی خۆیەوە. بۆ ئەمەیش جنێوچی پەنا دەباتە بەر هەڵبەستن. تا ئێستا کەسانێک دادگایی کراون، بەبێ ئەوەی هیچ دۆکۆمێنتێکیان لە بارەی تاوانەکانیانەوە پێ وتبین. هۆشیاران ڕازی نابن بەبێ بەڵگە گوێ لە هیچ حوکمێک بگرن، با بەسەر دوژمنەکەشیاندا بێت. ئەمە شتێکی سادەیە و هەر مرۆڤێکی مۆدێرین دەیزانێت. هەتا ئەگەر وایش بێت، هێشتا ئیشی ئەوان نییە، بەڵکو ئەمە کارێکە و دەبێت دادگایەکی سەربەخۆ ڕاپەڕێنێت. هەیە دەکرێتە زەرد و هەیشە کراوەتە سەوز، فلانیش بەعسی بووە. ئایا نووسەر ئازاد نییە چ بیروباوەڕێکی هەبێت و کام حیزبە هەڵبژێرێت؟ دەکرێت ئێمە باس لە پەیوەندیی نێوان دەستەڵات و ڕۆشەنبیر بکەین. باس لەوە بکەین چی وای کردووە لای ئێمە لەجیاتی ئەوەی نووسەر دەستەڵات بگۆڕێت، دەستەڵات نووسەر دەگۆڕێت. دەکرێت بپرسین ئەو نووسەرانەی دوێنێ سەرکردەکانیان بە ناشیرینترین شت دەچوواند، چی وای لێ کردن ئەمڕۆ ئەوەندە پێیان سەرسام بن و هوتافیان بۆ بکێشن. هەقی خۆمانە

گومان لە توانای فیکری و ڕۆشەنبیریی ئەو نووسەرانە بکەین، کە دوای دژایەتیکردنی ساڵەهای ساڵی حیزبی کوردی، ئەمڕۆ بوونەتە بەشێک لەو دەستەڵاتە. با ئەو دەستەڵاتە نیشتیمانییش بێت. خراپ نییە بپرسین ئەو نووسەرانە سی ساڵ زیاتر (بە گوتەی خۆیان) دژایەتیی بیروباوەڕی کۆنەپەرستانەی خوێنەریان دەکرد و دەیانویست بیگۆڕن، بۆچی ئەمڕۆ خۆیان ئەو بیروباوەڕەیان هەڵگرتووە. نەک هەر داوای لێبوردنیان نەکردووە و دانیان بە هەڵەی خۆیاندا نەناوە، بەڵکو تا ئێستایش دەیانەوێت بەرهەمە کۆنەکانیانمان لەپاڵ ئەوانەی ئێستایاندا، کە لە ڕووی ناوەرۆکەوە بەتەواوی جیاوازن، بەسەردا ساغ بکەنەوە. هەر لەوێشدا بۆمان هەیە بڵێین کەواتە ئەو خوێنەرەی ئەوان دەیانویست بیگۆڕن، لەوان هۆشیارتر بووە. ئەگەر وایە ئەو نووسەرە چ پەیامێکی گرنگی پێبووە و چۆن دڵنیابین، کە ئێستایش پەیامێکی لەوەی پێشووی چاکتری پێیە. یەکێ لەو دیاردانەی لە سەردەمی سایتدا هاتۆتە کایەوە ئەوەیە جنێوچی کاتێ لەبەر هەر هۆیەک ڕقی لە کەسێکە، دێت زمانی لێ دەسەنێتەوە. زمانێکی دیکەی بۆ دەخوڵقێنێت و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، بۆئەوەی بە ئارەزووی ئەو بدوێت. هەندێک جار ناوەکەی وەکو خۆی دەهێنێت و هەندێ جاریش کەمێک گۆڕانی تێدا دەکات و مەبەستیشیەتی ئێمەی خوێنەر بزانین ئەو کەسە کێیە. ئەمە هەمان شێوازی دەزگاکانی بەعسە. هەڵسوکەوتی ئاوا لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرێندا قەدەغەیە و دەبێت بکەرەکەی بدرێتە دادگا. کاری نووسین ئەوەیە ئیعتیبار بۆ زمانی تاوانبارەکانیش بگەڕێنێتەوە، نەک زمانیان لێ بستێنێتەوە. لە فەڵەستین تیرۆریستەکان کاتێ دەزانن یەکێ ناپاکە و کار بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل دەکات، ئەوا لە شوێنە گشتییەکاندا بەبەرچاوی خەڵکەوە گوللەبارانی دەکەن. دەستەڵاتی

کـوردی لە باشـووری کـوردسـتـاندا ڕووەکـەی دیکەی ئەو پارەیەی هەڵبـژارد و نـووسـەرە بەعـسـیـیـەکـانی لە بەڕێوەبردنی دەزگـاکـانیـدا دامـەزراند. بەڵام ئەگـەر لە زمـانی بخـستنایە، ئەوا ئەمـڕۆ یـەکـێک لە ئەرکەکانی نووسەری ئازادیخواز ئەوە دەبوو زمانیان پێ ببەخشێتەوە. ئەو کـەلتـوورەی هەقـی زمـان دەدا بە گـروپێک و لە گـرووپێکی دیکەی دەستێنێتەوە، دواجـار بەبێ ئەوەی بە خـۆی بزانێت دەبێتـە گیانداریکی بێزمان و بۆ ئەشکەوتەکان دەگەڕێتەوە. ئەمـە ئەو مەترسییـەیە، کە وا لە «تۆدۆرۆف» دەکـات لە کـتـێبـی «ئێـمـە و ئەوانی ــ تر»دا زمـان بەسـەر هەمـوو کـونج و کەلەبەرەکاندا ببـەخـشـێتـەوە. داهێنانێکی دیکەشیان ئەوەیە گـاڵتـە بە ناوی یـەکتر دەکـەن، یان ناتۆرە دوای یەکدی دەخـەن. ئایـا دەبێت نووسـەر لەبەر ناوەکـەی بچـەوسـێـتـەوە؟ ئایا دەکـرێت گاڵتەکردن بە ناوی نووسـەرێک ببێتە بابـەتی نووسین و ئێمـەیش وەکو شـتێکی گرنگ بیخـوێنینەوە؟ بە خـوێندنەوەیەکی خێرای ئەمانە، بۆمـان دەردەکـەوێت ئەقـڵـێکی باوکـسـالاری، بارگـاوی بە ڕق و کـینەی تایـەفـەگـەری لە پشت ئەو نووسـینانەوەیە، دەنا ئەمـانە کـەم زۆر پەیوەندییـان بە نووسینەوە نییە و هیچ میـتۆدێکی ڕەخنەیی ناتوانێت وەکو تێکستێکی ئەدەبی ــ هونەری ــ فیکری بیانخـوێنێتـەوە. گۆڕینی ناو و دەسکاریکردنی یان بچـووککردنـەوەی، نەریتـێکی سـەردەمی فیودالیزمە. عـەرەبەکان ناوی ناسکی وەکو ئەمـەل و نیهـال و هی تریان لە پیاوە کۆیلەکانیـان و هی نێرانەی وەکو قەتادە و ئوسامـە و باشقیان لە کـوڕەکانیـان دەنا، بۆئەوەی کـۆیلەکـانیـان بەو ناوە ناسکانانەیانەوە نەبـنە هۆی ورووژاندنی هەسـتی سـێکسـیی ژن و کـچـەکـانیـان و کوڕەکانیشیان ببنە سومبولی ئازایەتی و نەبەزین. ئاغاکانی کوردییش ناوی کارەکارەکانی خـۆیان بچـووک دەکردەوە. ئەو نەریتە ئەمـڕۆ لەناو

نووسینی کوردی و لەسەر سایتەکاندا درێژەی هەیە.

**نەبەز**: ئێستا دەپرسین بۆچی نووسینی ئێمە لەم ئاستە سادەیەدا گیری خواردووە؟ بۆچی جنێو بۆتە تاقە سەرمایەی نووسەرانمان؟ بۆچی شەڕی تایەفەگەری ئەمڕۆ لە سەردەمی ئێنتەرنێتدا زیادی کردووە؟ بۆچی یەکتر تاوانبار دەکەن؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری دیکەیش. بەڵام پێمان خۆشە پرسیاری «جنێو چییە؟» بخەینە پێش هەموویانەوە.

**هۆشەنگ**: بەڵێ، ڕۆژانە ئەو چەمکە لە سایتەکاندا دووبارە دەبێتەوە. هەر گرووپێک ئەوی دیکە بە جنێوفرۆش تاوانبار دەکات. ئێمە پێمان وایە جنێو کورتکردنەوەی مرۆڤ و زیندانیکردنیەتی لەناو قاڵبەکانی زماندا. کاتێ بە ژنێک دەوترێت سۆزانی، واتە ئەو لە دەرەوەی ئەو ناوەدا بوونی نییە. ئەو ناوەیش دەبێتە ئەدرەسێک و هەر کاتێک بمانەوێت، دەتوانین بەئاسانی بیدۆزینەوە. ئەمە کاری پۆلیس و موختار و هەر دەزگایەکی دیکەی ئەخلاقی ئاسان دەکات، لەوەی هەر کاتێ بیانەوێت بانگی بکەن، جا بە مەبەستی گرتن بێت، یان سەندنی باج، یان هەر کارێکی تر، کە دەوڵەت خۆی دەیزانێت. ئەمە ئیقامەی جەبرییە، سەرەتا لەناو زمانەوە دەست پێدەکات و دوایی جەستەیش دەگرێتەوە. ئەمە کارێکە زیاتر دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەنجامی دەدەن. ناوی «مخرب» و «فرار» و «هارب»مان لەبیر نەچۆتەوە. واتە دامودەزگا سەرکوتگەرەکان لە پێشدا ئەو ناوانە لە هاووڵاتیان دەنێن و لەوێوە بڕیاری گرتن و دوورخستنەوە و کوشتنیان دەدەن. جنێو ڕووەکەی دیکەی دووعایە و دوو چەمکی میتافیزیکیین. مرۆڤ لەوپەڕی بێدەستەلاتییەتی کاتێ پەنا

بۆ ئەو دووانە دەبات. جنێـــوی کـــوردی زیاتر داهێنانی پیـــاوی فالۆکراتییە، واتە ئەو پیاوەی لە هەموو شتێک زیاتر بە توانای پیاوەتی و ئەندامی نێرینەی خۆیەوە دەنازێت، هەر بۆیە جنێو ئاڕاستەی جەستە دەکرێت. جەستەی جنێوپێدراو هەتا ئەگەر هی نێریش بێت، لە لایەن فەنتازیا و زمانی جنێوچییەوە ناسک دەکرێتەوە و بۆ جەستەیەکی ژنانە دەگۆڕێت. یاخود جەستەی کەسێکی مێینەی پەیوەندار بە جنێوپێدراو وەکو خوشک و دایک و ژنەکەی لەجیاتی خۆی دەکرێت بە نیشانە. ئەم جۆرە جنێوە زیاتر لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو گەڕەک و بازاڕە تەقلیدییەکاندا بەکاردەهێنرێت. جنێوچی ساڵەهایە دەنووسێت و باس لە یەکسانیی مرۆڤەکان دەکات، کەچی فێر نەبووە، کە ئەو بۆی نییە باسی جەســتــەی کــەس بکات. ئەو نازانێت، یاخود نایەوێت بزانێت جەستە وەکو ماڵ وایە، نابێت بەبێ پرسی خاوەنی لێی نزیک ببینەوە. لە زمـانی جنێـوچیـیـەوە وشـەکـانی وەکـو کـەچەڵ و کـوێر و شـەل و کورتەباڵا و فیـرنەگولە و قەڵەو و لاواز دەبیستین. ئەمانە بەو کەسانە دەوترێن، کە نەیارن و دژی کارەکانی جنێوچیین. جنێوچی نایەوێت باوەڕ بەوە بهـێنێت، کــە تێــڕوانین بـۆ جــەســتــە، واتە تێـڕوانین بۆ ئیستاتیکا. ئەوەی شێوەی جەستە نیشانی چاومان دەدات، زمانە. بەڵێ، ئەوە زمانە، کاتێ بەئارەزووی جنێوچی نەدواوە، چارەی جەستەی خاوەنەکەی لەبەرچاوی جنێوچی ناشیرین کردووە. دیکتاتۆرەکانیش هەر ئاوا دروست بوون. کێ دەڵێت «ئەدۆنیس»ی شـاعـیـر بەو هەمـوو ڕەزاسووکییـەیەوە لە «حەجاج»ی جەللاد ناچێت. یان شێوەی «نیتشە» کتومت وەکو «نیرۆن» نییە. کێ دەتوانێت پێمان بڵێت ئەو «فەرهاد»ەی بۆ «شیرین» بەردی دەتاشی و بۆتە ئیلهامی شاعیران، ڕێک شێوەی «عیززەت ئەلدووری» یان «ئوسامە بن لادن»ی نەکردووە؟ ئاخۆ چەند

کـەس لەوانەی ئەنفـال کران، لـە «سـەدام حـسێن» و «عـەلی کـیمـاوی» چووبێتن. بەنـەفـرەتکردنی جـەسـتـەی کـەسـێک و نەفـیکردنـی واتە بەنەفـرەتکردن و نەفـیکردنـی هەمـوو ئـەو جـەسـتـانەی لەو دەچن. ئەمـە ئەلفوبێیەکە دەبووایە جنێوچی بیزانیایە. نووسـین وەکو «مێشێل فۆکۆ» لـە «ئیــرادەی مـــەعــریفـــە»دا بۆی دەچێت لـە ســـەرەتای ســـەدەی حەڤدەهـەمەوە پەنای بردۆتە بەر میتـافۆر و نایەوێت ناوی شتەکـان وەکو خـۆی بێنێت، بۆیـە لەوسـاوە ئەدەب بـە زمـانێکی دیکە باس لە جـەستـە دەکـات. لەم گـۆشـەنیگایەوە دەڕوانـین و دەبینین جنـێوی نـاو نووسـینی کـوردی ئەگــەرچی بە ڕواڵـەت لە جنێــوی بازاڕی جــیــاوازە، بـەڵام لە ناوەرۆکـدا هـەمـان شتن. هـەمـان ئەقـڵی باوکسـالارییـان لە پشتـەوەیە. نووسـەری جنێـوچی پیـاوێکە بەمـانای وشـەکـە فـالۆکـراتیـیـە. دوای خوێندنـەوەی ئەو چیرۆک و شیـعر و وتارانە، بەئاسـانی دەزانین جەستە یەکەمین قوربانییـە لەم شـەڕەی نێوان پیاوانی جنێوچییدا. جەستـەی مـێینـە نیشـانی تیـری زمـانی نێـری جنێـوچییـە. ئەو پیـاوانەیش، کـە بوونەتـە نیـشانـەی زمـانی پیـاوی جنێـوچی، لەپێش هەمـوو شـتێکەوە ناسک پیشان دراون. تـوانای هەڵگرتنی چەکیان نییـە. وەکو ژن لە مـاڵ هـەڵسـوکەوت دەکـەن. مەتبـەخ شـوێنیانە. دەسـت بۆ هـەر ئیشـێک دەبەن، تێیدا سـەرکـەوتوو نابن. دەستیان داوەتە پیشـەی زۆر نـاسک، کە پیشـەی لەم جـۆرە لە کـەلتـووری کـوردیدا بۆ پیـاوی پیاوانە نەهـاتووە. نەخـێـر، پیــاوی پیــاوانـە نیـن و ژنەکــانیــان لێــیــان جــیــا دەبـنەوە. ئـەوەندە بێدەستـەڵاتن، ناتوانن جلـەوی کچ و ژنیـان بکەن، بۆیە هـەموویان بەڕەڵلا دەردەچن. کـچــەکـانیـان شــوو دەکـەن و بـەسـەریـاندا دەدەنەوە، چونکە پەردەی کچێنییـان دڕاوە. لە سـایتدا فـۆتۆی پیاوی دژ تا بلێی ناسک دەکرێتـەوە بۆئەوەی تەواو لە ژن بچـێت. ئەمـە جنێـوی ئەلەکترۆنییـە و

جیاوازە لەو جنێوەی لە زمانەوە دەیبیستین، یاخود لە نووسیندا دەیخوێنینەوە. لە سەردەمی چاپدا ئاسان نەبوو تۆ ئاوا بەئاسانی وێنەی کەسێک دەسکاری بکەیت.. لێی زیاد بکەیت و لێی کەم بکەیتەوە. کلک و گوێی بۆ دابتاشی. جنێوچی زوو زوو بانگەوازمان دەکات و پێمان دەڵێت وەرن لە نووسینەکانمدا بگەڕێن، بزانن جنێوم بە کەس داوە. مەبەستی ئەوەیە بە هیچ نووسەر و جنێوچییەکی تری نەوتووە «ئاوا و ئاوا لە دایک و خوشکت بکەم». ئەو دەیەوێت زۆر ساکارانە مانای جنێومان بۆ ڕاڤە بکات و ئێمە لە ڕووی سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا و بوارەکانی دیکەی مەعریفەدا بۆی نەگەڕێین. ئەو زوو زوو دەنگ هەڵدەبڕێت و دەڵێت: «جنێوتان پێ داوم». ئەمە ئەو دێڕە سادەیەیە، کە گرووپێکی جنێوچی گرووپێکی جنێوچیی دیکەی پێ تاوانبار دەکات و دەیەوێت ڕەوایەتی بۆ شەڕەکانی بەدەست بهێنێت. ئێمە دەمانەوێت لەپشت ئێرەوە نهێنیی دیکە دەربخەین، بۆیە لە پرسیاری «بۆچی ئەو گرووپانە بەردەوام جنێو بەرهەم دەهێنن؟»ەوە دەست پێ دەکەین. پێمان وایە ئەو نووسینانە بە ئەقڵێکی تایفەگەری و بە زمانێکی زۆر سادە، کە خاڵییە لە هەموو مەعریفە و ئیستاتیکایەک، دەنووسرێن. لێرەوەیە گرووپی دژ زۆر بەئاسانی لێی تێدەگات و هەستیش دەکات ئەویش بەهەمان شێوە دەتوانێت بنووسێت، بۆیە خێرا دێڕ بە دێڕ وەڵامی دەداتەوە. هەروەها دەبینێت کەسانێک هەر لە ڕێگای جنێوەوە ناوبانگیان دەرکردووە و بوونەتە خاوەنی چەند کتێبێک، ئەمەیش تەفرەی دەدا، کە هەرچی زووترە قۆڵی پیاوانەی لێ هەڵماڵێت و بچێتە مەیدانەکەوە. نووسەرە گەورەکانی ئێمەش، کە بەداخەوە ژمارەیان کەمە، ڕەخنەی توندوتیژتریان گرتووە، بەڵام چونکە ڕەخنەکانیان لەلایەک لە ئاستێکی دیکەی زمان و فیکرەوە نووسراون و

له لایەکی دی ئاراستەی دیاردەکان کراون، نەک کەسەکان، بۆیە نەبوونەتە هۆی دروستبوونی زەمینەیەک بۆ شەڕەجنێو. ئەمە بێجگە لەوەی ئەوان لەوە تێدەگەن لەم شەڕانەدا نووسەر، ئەگەر نووسەر بێت، هەموو جوانی و بەهاکانی دەدۆڕێنێت و لە چاکترین حاڵدا دەبێتە تیرهاوێژێکی لێهاتوو. لەم ڕۆژانەدا «عەبدوڵڵا غوزامی»، کە ڕەخنەگرێکی گەورەی سعودییە و لەسەر ئاستی فیکریی عەرەبیدا حیساب بۆ نووسینەکانی دەکرێت، یەکێکیشە لە فێمینیستەکانی ئەمڕۆ، بەوەی چەند کتێبێکی ڕەخنەیی گرینگی لەبارەی مێینەوە نووسیوە، لە چاوپێکەوتنێکیدا وتی: «دەستەڵاتی خراپ هەمیشە ئۆپۆزیسیۆنی خراپ دەهێنێتە کایەوە، بە پێچەوانەی دەستەڵاتی چاک، کە دەتوانێت ئۆپۆزیسیۆنی چاک بخوڵقێنێت». بەڵێ، ئەو نووسەرانەی گلەیی لەوە دەکەن جنێویان پێ دراوە و ڕیسوا کراون، خۆیان ئەو دەسپێشکەرییەیان کردووە. تا ئێستا کێ بینیویەتی کەسێ جنێوی بە «حسەین عارف» و «شێرزاد حەسەن» دابێت. کەواتە کێن ئەوانەی حەمامەکانی جنێو بەڕێوە دەبەن و تێیاندا وەکو سەرشۆر کار دەکەن؟ ئەو شێوازی نووسینە تایبەتە بە زمانی کوردییەوە و تا ئێستا کۆمەڵێ پاڵەوانی پێگەیاندووە.

**نەبەز**: بۆچی خوێنەری جنێو لە خوێنەری هەر شتێکی دیکە زیاترە؟ بۆچی ژمارەی ئەو خوێنەرانەی ئەو نووسەرە دەخوێننەوە، هۆیەکی گەورەیە لە بەردەوامبوونیدا؟ مەبەستم بەردەوامبوونی نووسەرەکەیە لەسەر هەمان ستایلی خۆی.

**هۆشەنگ**: لێرەدا پێویستە لەجیاتی وشەی خوێنەر، بینەر بەکاربهێنین،

چونکە خوێنەر ئەو کەسەیە، کە لە ڕێگای خوێندنەوەدا بەدوای نهێنیدا دەگەڕێت و دەبێتە خاوەنی تێگەیشتنی سەربەخۆی خۆی، بەڵام کاتێ لەو نووسینانەدا نهێنی نییە، فیکر نییە، جوانکاری نییە، ئەوا خوێنەر زۆر بەئاسانی دەبێتە بینەر. مەبەستمان لە بینەر، ئەو بینەرە نییە، کە دەیەوێت لە ڕێگای بینینەوە لەوە تێبگات چۆن دیاردەکانی ناو کەلتوور بۆ تێکست دەگۆڕێن، کە ئەمەیان لە بواری ڕەخنەدا وەکو ڕەخنەگری میسری «شیرین ئەبو ئەلنەجا» دەڵێت بە سیمۆتیکا ناسراوە. کەواتە مەبەستمان لە بینەر ئەو کەسە پاسیڤەیە، کە تەنها فۆرمی وشەکانی جنێــوچی دەبینێت. ئەو خــوێنەرەیش پەروەردەی ناو کــەلتــوورێکی دەرەوەی مێژووە. دۆستایەتییەکی بەتینی لەگەڵ کاتدا هەیە، بەوەی کات هیچ دەمــێک ڕێگر نیــیــە لەوەی ئەو لە بەرامــبــەر هەر ڕووداوێکدا بوەستــێت. لای ئەو خوێنەرە ئەو شەڕەجنێوەی لەسەر سایتدا ڕوو دەدات، هەمان شەڕەجنێوە، کە پێشتر لە شوێنە گشتییەکانی وەکو بازاڕ و گەڕەکدا بینیویەتی و لەگەڵ دەیانی دیکەدا بەدیاریەوە وەستاوە. بەپەرۆشەوە گوێی گرتووە. لە ڕۆژئاوا کات بڕیار دەدا مرۆڤەکان دەبێت چی بکەن و چی نەکەن. کاتێ یەکێک دەیەوێت فریای شەمەندەفەرێک بکەوێت و چەند دەقــەیەکی دیاریکراوی هەیە، ئەوا لەســەر ڕێگاکــەی هەرچی بێتە بەردەمی، خۆی لێ لادەدات. هەر بۆیە قەشمەر «klown» یش کاتی دیاریکراوی خۆی هەیە تا بەهرەکانی پیشـان بدات و بینەر بهێنێتە پێکەنین و سەرسامی. بۆ ئەمەیش دەیان ئاگاداری و ڕیکلامی پێویستە. لە کوردستان دوو کەڵەشێر دەتوانن بۆ ماوەیەک گەڕەکێک بە شــەڕەدەندووکی خــۆیانەوە خــەریک بکەن. تێگەیشــتنی بینەر و ئەو باگراوندە مەعریفییەی هەیەتی، ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لەوەی بە چی سەرسام بێت و بە چی سەرسام نەبێت. لەو گەڕەکانەدا نووســەر و

هونەرمەندە گەورەکان سەرنجی کەس ڕاناکێشن و بەبێدەنگی سەر دەنێنەوە. «کەمال سابیر»ی هونەرمەند «عەباسی لانەوازان» چاکترین نموونەیە. بینەرانی شەڕەکەڵەشێر دەبنە بینەری شەڕەجنێوی ناو ئەدەبیش. بەمەیش سەرمایەیەکی ڕەمزی بۆ جنێوچی مسۆگەر دەکەن. جنێوچی پێمان دەڵێت ئەو زیاترین خوێنەری هەیە و سەدان ئیمایل لە وڵاتانی دنیاوە بۆ بۆکسەکەی هاتوون، کە بە نووسینەکانیاندا هەڵداون و پێیان وتووە بەردەوام بە تۆ نووسەرێکی گەورەیت. مرۆڤێکی ئازا و چەلەنگی. پیاوێکی مەزن و لێهاتوویت. تۆ هەرگیز نابەزیت....

**نەبەز**: کەواتە دەتوانین بڵێین جنێوفرۆش، یاخود وەکو تۆ دەڵێیت جنێوچی بەرهەمهێنەری کەلتووری توندوتیژییە؟ ئەگەر وایە ڕۆڵی سایتی کوردی لە گەشەپێدانی ئەو توندوتیژیەدا چییە؟

**هۆشەنگ**: ڕۆژانە سایتەکان کۆمەڵێ دەموچاوی تووڕەمان پیشان دەدەن. ئەوانە بەبەرچاومانەوە شیر و تیر لە یەکتر دەسوون و پەلاماری یەکتر دەدەن. کەلتووری جنێو بەڕاستی بۆ سالانی حەفتا دەگەڕێتەوە و ئەمڕۆ لە سەردەمی ئەلیکترۆنیدا زەمینەیەکی چاکتری دەستکەوتووە. ئەو ئەدەبە حەماسییەی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و شکستی حوزەیران لەژێر ناوی ئەدەبی بەرگریدا دەرکەوت، کەم و زۆر ڕۆڵی لە پێکهاتنی تیرۆریزمی عەرەبی ـ ئیسلامیدا هەبووە. ڕۆشەنبیرانیش یەکەمین قوربانیی ئەو تیرۆرەن. ئەمڕۆ لە ئەدەبی کوردیدا نەوەیەک دەبینرێت، کە تەنها دەزانێت شەڕ لە دژی ئەوی ـ تردا بکات. ئەو نەوەیەی شاعیری ناسراو «عەبدوللا پەشێو» لە حەفتاکاندا نوقڵانەی بۆ لێدەدا، «ئەمڕۆ ئەوانن پێگەیشتوون». «پەشێو» بە باوکی ڕاستەقینەی

ئەدەبی توندوتیژیی کوردی دادەنرێت، بەوەی یەکەمین شاعیرە دیالۆکی لەگەڵ دوژمن، یاخود ئەوی ـ تردا رەتکردۆتەوە. واتە لە پێشبینی و فەنتازیای «پەشێو»دا دوژمن «ئەوی ـ تر» لەناو دەچێت و ئەو مرۆڤە چەوساوەیە جێگای دەگرێتەوە. ئەو شاعیرە ناودارە لە سەرجەمی شیعرەکانیدا ڕووی دەمی لە پیاوی ئازا و چەلەنگە و فێریان دەکات چۆن دوژمنی دڕندە ببەزێنن. ئەو حەماسە لەناو نووسینی ئێمەدا خوێنەرێکی تووڕەی دەمارگرژی پێگەیاندووە. ئەوەندەی پێویستی بەوەیە بزانێت چۆن دژەکەی دەمکوت دەکات، ئەوەندە پێویستی بە خوێندنەوە و وردبوونەوە نییە. ئێمە مەبەستمان نییە لە شیعری «پەشێو» بکۆڵینەوە و ناشمانەوێت بڵێین ئەو هۆکاری دەرکەوتنی ئەو دیاردەیەیە، بەڵکو تەنها لەو گۆشەنیگایەوە سەرنجی لێ دەدەین. ئەوەندە دەڵێین ئەگەر ئەدەبی حەماسی مرۆڤ لە دژی چەوسانەوە هان دەدات، ئەوا لە هەمان کاتدا تێگەیشتنێکی ساکارانەی لەبارەی چەوسانەوە دەخاتە بەردەم، بەوەی ناتوانێت چەوسانەوە ورد بکاتەوە و لەناو فیکر و زماندا بۆی بگەڕێت. لە چاکترین حاڵدا جنێوچییەکی لێ دەردەچێت. «پەشێو» خۆی یەکێکە لەوانەی لە هیچ نووسینێکیدا بەشداریی لە شەڕەجنێودا نەکردووە. هەرچی بێت جنێوچی ئەمڕۆ بینەرێکی زۆری هەیە. کارێکی کردووە هەموویانی خستۆتە ناو ئەتمۆسفێرێکی توندوتیژییەوە. «پیر بۆردیۆ» لە کتێبی «تەلەڤیزیۆن و میکانیزمەکانی گەمەکردن بە ئەقڵەکاندا» ڕەخنە لە تەلەڤیزیۆن دەگرێت و زاراوەی «توندوتیژیی ڕەمزی» بەکاردەهێنێت، بەوەی چۆن تەلەڤیزیۆن توندوژییەکی ڕەمزی بەرهەم دەهێنێت و چۆن ژۆرنالیستەکان دەخاتە ناو سیستەمێکەوە، کە بەبێ ئاگا ڕەواج بەو توندوتیژییە بدەن. دەکرێت هەمان شت بۆ سایتەکانیش ڕاست بێت. خوێنەرێک دەچێتە

ئاهەنگێکی بووک و زاوا و لەوێ یەک دوو عەرەبی بەرچاو دەکەوێت، کە داوەت کراون. ئەو لەوێ خۆی وەکو جەنگاوەرێکی ئەلیکترۆنیانەی سایت دەبینێت. خێرا چەند دێڕێک لەسەر ئەو عەرەبانە دەنووسێت و پێمان دەڵێت: کوردەکان بە جلی ڕەنگاوڕەنگەوە هەڵدەپەڕن و عەرەبەکانیش هیچ بەهرەیەکیان نییە، کز کز لە سووچێکدا دادەنیشن. پێمان دەڵێت بەڕاستی ئێمە جیاوازین و ناتوانین لەگەڵ ئەوانەدا بژین. ئەمە بەتەنیا خوێندنەوەیەکی تێروتەسەل هەڵدەگرێت، بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە دەپرسین ئایا دەکرێت سایت ئەم هەواڵە بڵاو بکاتەوە؟ ئایا ڕاستە ئەوان خاوەنی هیچ شتێک نین و ئێمە دنیایەکی گەورەی فیکر و ڕۆشەنبیرییمان هەیە؟ جنێوچی کەسێکە بەردەوام لە شەڕێکی گەورەی تایەفەگەری و لە حاڵەتێکی ناهەمواری سایکۆلۆژی دایە. ئەو بەقەدەر ئەوەی دژەکەی تووڕە دەکات، دژەکەیشی بەهەمان ئەندازە کار دەکاتە سەر دەماری ئەو. سایکۆلۆژیا لە شێوە هەرە ساکارەکەیدا پێمان دەڵێت مرۆڤی تووڕە دەتوانێت تەنها لەگەڵ تووڕەییەکەیدا بژیت و ناتوانێت لەگەڵ هیچ کارێکی دیکەدا ڕێک بکەوێت، چونکە تووڕەیی تەنها لەسەر ئەقڵ کار دەکات. لێرەوەیە ئێمە گومان دەکەین جنێوچی بخوێنێتەوە. ئەمڕۆ سایتەکانی ئێنتەرنێت کارێکیان کردووە، کە زیاتر لە سەردەمی چاپ نهێنیی نووسەر بزانین. وەکو ئەوە وایە لەگەڵیاندا بژین. ئاسانە بۆ ئێمەی خوێنەر بزانین کام نووسەرە چەند و چی و کەی دەخوێنێتەوە. جنێوچی ڕۆژانە شەڕ لەگەڵ گرووپی نەیاردا هەڵدەگیرسێنێت. بەردەوام لە حاڵەتێکی خراپی سایکۆلۆژیی دایە. شەوان بە نیگەرانییەوە دەنوێت، یاخود هەر نانوێت و چاوەڕێی بەیانییە، ئاخۆ کێ پەلاماری دەدات. چەند کەس بەربەرچی جنێو و هەڵبەستنەکانی دەدەنەوە. ئەو نووسینانە دەخوێنێتەوە، کە ڕۆژانە

لەبارەی ژیانی زۆر تایبەتییەوە نووسراون و سووکایەتییان بە خۆی و بە هاوسەرەکەی و منداڵەکانی کردووە. چەند جار و دێر بەدێڕ دەیانخوێنێتەوە، بۆئەوەی هەقی خۆی بکاتەوە و وەڵامیان بداتەوە. ئەوانەیش دەخوێنێتەوە، کە بە شانوباهوویاندا هەڵداوە. ئێمە جنێوچیمان لێ دیارە وا سەری بەدیواردا دەکێشێت. شەق دەوەشێنێت. لەبەر خۆیەوە جنێو دەدات. جار جاریش بەو حەماسەوە لەسەر کورسیی داتاکەی دادەنیشێت و دەنووسێت. کەی دەخوێنێتەوە؟ ئێمە لە زمانی جنێوچییەکانی دژییەوە دەزانین چ کارێک دەکات. کەی لە خەو هەڵدەستێت و کەی دەچێت بۆ دەوام. کەیش دەگەڕێتەوە، بۆیە دەزانین کاتی ئەو تەنها بەشی بەرپەرچدانەوەی نەیارەکانی دەکات و ناخوێنێتەوە. جنێوچی لە کاتێکدا لە فیکری سەدان نووسەری دنیا بێئاگایە، کەچی زانیاریی وردی لەبارەی جنێوچییانی دیکە و کەسانی دیکەدا هەیە. ئەو بەبێ ئەوەی ئاگای لێ بێت بۆتە بەشێک لە دەزگاکانی پۆلیس و پاراستن. جنێوچی ساڵەهایە دەنووسێت و فێر نەبووە، کە ئەو بۆی نییە نهێنیی خەڵک بزانێت و بیگەیەنێت. ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییە ڕێگای جنێوچی نادات بەخۆیدا بچێتەوە، بۆیە تا دێت زیاتر دەماری گرژتر دەبێت و زیاتر قسە هەڵدەبزرکێنێت. ئەمڕۆ ڕایەک دەردەبڕێت و سبەینێش یەکێکی تەواو پێچەوانەی. ڕۆژێک خۆی وەکو فێمێنیست نیشان دەدات و ڕۆژێک دەبێتە ئایەتوڵڵا. ئێستا لایەنگری کرێکارانە و کەمێکی تر لێیان هەڵدەگەڕێتەوە. ئەو هەموو شتێک دەکات، بۆئەوەی نەیارەکانی ببەزێنێت. هەموو تەکنیکەکانی شەڕی تەقلیدیی وەکو خۆگۆڕین و خۆمەڵاسدان و فێڵ و هێرشی ناکاو و شتی دی بەکار دەهێنێت، چونکە گرنگ ئەوەیە بیباتەوە و لای جەماوەرەکەی سەری بەرز بێت. ئەو فێر نەبووە و فێریش نابێت داوای لێبوردن بکات.

بەردەوام بەم و بەو دەڵێت نووسینەکانیان لە ئاستێکی نزم دان، کەچی ململانێشیان لەگەڵدا دەکات. هەر ئەو نووسینانەی بە گوتەی خۆی هیچن، چونکە لەبارەی خۆیەوە نووسراون، تاقە سەرچاوەیەکی ئەون. هەر ئەو کەسانەی خۆی بە هیچیان دەزانێت، ڕۆژانە بەدوایانەوەیە تا بزانێت چی دەکەن و چی ناکەن. زانیاریی تەواوی لەسەر ژیانیان هەیە، هەر بۆیە کاتێ بەربەرچی دەدەنەوە، خێرا هەموو ئەو زانیارییانەمان بەزیادەوە پێ دەڵێت. ئایا نووسەر دەتوانێت پرۆژەی ڕۆشەنبیری لەسەر هیچ دامەزرێنێت؟ ئەو دیاردەیە، کە ئەمڕۆ بۆتە زمانی ڕاگەیاندنی کوردی، دیفاکتایەکە و ناکرێت چاوی لێ بپۆشین. «سادق جەلال ئەلعەزم»، کە لەگەڵ هیچ جنێوچییەکی ئێمەدا بەراورد ناکرێت، ئینجا «عەلی حەرب» لەبارەی ڕەخنەکانیەوە دەنووسێت: «ئەو جۆرە ڕەخنانە بەکەڵکن لەوەدا، کە لەژێر ڕۆشنایی واقیعدا هەندێ زانیاریی ڕاست دەکەنەوە، بەڵام هیچ فیکرێکی بەپیت بەرهەم ناهێنن، چونکە لێرەدا ڕەخنە مامەڵە لەگەڵ زانراودا دەکات، واتە بەو کەرەسە مەعریفیانە کار دەکات، کە ئێکسپایەر بوون و خۆیان پێویستییان بە ڕەخنە و پشکنین هەیە». مەبەستیشی لەو کەرەستانە، ئەو دەستەواژانەن، کە مارکسییە عەرەبەکان بۆ تێگەیشتن لە ڕووداو و فیکردا بەکاریان دەهێنن وەکو «فیکری پێشکەوتووخوازی و هێزەکانی تاریکی و هەڵوێستی کۆنەپەرستانە و بەرژەوەندیی جەماوەر و دژایەتیکردنی عەقڵانیەت». دە تۆ بەراوردێکی نێوان ئەم زاراوانە و جنێوەکانی خۆماندا بکە و بزانە زمانی ڕاگەیاندنمان لەم سەردەمە ئەلیکترۆنییەدا چۆنە.

nabazakram@yahoo.com